# پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عیراق و ناهەقی بەرامبەری دەکرێت

لە عەرەبییەوە: فاروق جەمیل

لەمیانەی دیدارێکدا کە بەرنامەی (من العراق)ی کەناڵی (العربیه) لەگەڵیدا سازیکردبوو، د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق، بەڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەست بە (ڕووداوەکانی ئەم دواییەی بەسرە و ناوچەی سەدر و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە چەسپاندنی ئارامی لە عیراق و پرسی گەندەڵی لە عیراق و هەوڵەکانی بیناکردنەوەی عیراق و دوایین کۆششەکانی چاکسازی لەنێو حکومەتی عیراق)ی داوەتەوە. ئەمەش دەقی تەرجەمەکراوی دیدارەکەیە:



– لەوەوە دەست پێدەکەین، بڕیارەکەی جۆرج بوش سەبارەت بە هەڵپەساردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بۆ ماوەی (6) مانگ یان زیاتر، تا چەند گرنگە؟

د.بەرهەم: بێگومان ئەوە پەیوەستە بە پێشکەوتنە ئەمنییەکانەوە لە عیراق، پێشکەوتنی ئەمنی لە چەند بوارێکی گرنگدا بەدیهاتووە، بۆ نموونە لە ئەنبار و چەند گەڕەکێکی گرنگی بەغدا. ئێستا توانای هێزە ئەمنییەکانی عیراق، فەرماندەیی مەیدانی و فەرماندەیی سەربازیی تادێت زیاتر دەبێت، وەک دەردەکەوێت تێگەیشتنێک هەیە لەگەڵ فەرماندەیی مەیدانی هێزەکانی ئەمریکا کە پێویایە بەردەوامیی پشتیوانیی سەربازیی ئەمریکا بۆ ماوەی داهاتوو گرنگە و هەر ئەوەش بنەمایە. ئێمە لە گۆشەنیگای ئەمنییەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ژمارەی هێزەکان دەکەین، ئەگەر بڕیارەکە لە سەرۆکی ئەمریکاوە بێت پێویستە لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامە ئەمنییەکان و بە هەماهەنگی و ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی عیراقی بێت.

– دەچینە سەر بڕیارەکەی ئەمدواییەی ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان، ئایا ئەوە هەوڵێکە بۆ هەڵگرتنی ڕووپۆشی سیاسی لەسەر میلیشیاکان یان گرووپە چەکدارەکان؟

د. بەرهەم: ئەم بڕیارە زۆر گرنگە، نامەوێت قەبارەی هەڕەشەکانی پشت ئەم بڕیارە بشارمەوە، دوای پێنج ساڵ لە ڕووخانی ڕژێم و دەستکردنمان بە بیناکردنی دەوڵەتی دەستووری و یاسایی، ئەوە واقیعی حاڵە کە ناتوانین هیچ بکەین ئەگەر دان بە بوونی کێشەی بنەڕەتی و ترسناکدا نەنێین، ئەم میلیشیا و گرووپە چەکدارانە بوونەتە کێشەیەکی گەورە و هەڕەشە لە پرۆژەی سیاسی دەکەن، ڕۆچوونەتە نێو لاشەی دەوڵەت و وەکو شێرپەنجە هەڕەشە لە چارەنووسی ئەم وڵاتە دەکەن، بڕیارەکە بڕیارێکی بوێرانەیە و پێویستە لەسەر ئاستی سیاسی و مەیدانییش کار بۆ بەدیهێنانی بکەین. لەم ڕووەشەوە دەمەوێت تەئکید بکەمەوە، هەرچەند بڕیارەکە دوای ڕووبەڕووبوونەوەکانی بەسرە هات، بەڵام تەنها سوپای مەهدی و ڕێکخراوە چەکدارییەکانی سەربە ڕەوتی سەدر ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستە بەسەر هەموو گرووپە چەکدارەکاندا جێبەجێ بکرێت.

– ئایا بڕیارەکە بۆ نموونە ڕێکخراوی بەدر، یان پێشمەرگە دەگرێتەوە بەوپێیەی ئەوانیش چەکیان هەڵگرتووە؟

د.بەرهەم: بەدڵنیاییەوە... بەدڵنیاییەوە بڕیارەکە ڕوونە و بەسەر هەموو گرووپە چەکدارەکانی دەرەوەی

چوارچێوەی دەوڵەتدا جێبەجێ دەکرێت، ئەوەی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە هەیە ڕێگەم بدە خاڵێکی گرنگ ڕوون بکەمەوە: پێشمەرگە باگکراوندی مێژوویی و باری خۆی هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەو بارەش لە دەستووری عیراقیدا و لەڕێی بڕیارەوە بە یاسا کراوە، ئەم هێزە لە ڕیزی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم و هێزەکانی سوپای عیراقدان، خۆ ئەگەر پێشمەرگە بەوشێوەیە بوایە لە دەرەوەی دەستوور و یاسا، ئەوا بەدڵنیاییەوە نە لەلایەن حکومەتی کوردستان و نە لەلایەن دەوڵەتی عیراقیشەوە قبوڵ نەدەکرا.

– بەڵام ئایا پێشمەرگە دەکەوێتە ژێر بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی مەرکەزییەوە یان تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

د.بەرهەم: سەبارەت بەو مەسەلەیە ئەوە دەستوور هەیە، ئەو دەستوورە سوپای عیراق ڕێکدەخات، سیستمی بەرگریی سیستمێکی فیدراڵییە، پۆلیسی ناوخۆ هەیە، پاسەوانی هەرێم هەیە کە فەرمان لە حکومەتی هەرێم وەردەگرێت، بەڵام لە دواییدا هەر بەشێکە لە پێکهاتەی بەرگریی دەوڵەتی عیراقی، بڕیاری حکومەتی فیدراڵییش بەسەر تێکڕای پێکهاتە ئەمنییەکانی وڵاتدا جێبەجێ دەکرێت.

– بەڵام نابینین بەشداریی پرۆسە سەربازییەکانی ناوچە جیاجیاکان بکات، هەرلە سێ پارێزگا گەورەکەی کوردستانی عیراقدان؟

د.بەرهەم: ڕێگەم بدە ڕوونی بکەمەوە، لە ماوەی ڕابردوودا زۆرێک لەو هێزانە هێنران بۆ بەغدا و هەندێک ناوچەی تری دەرەوەی سنووری ئێستای هەرێم، بەپێی بڕیاری حکومەتی فیدراڵی و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هێنران، ئەم هێزە کاری باشی کردووە و پاکیی و بێلایەنیی و لێهاتوویی خۆی سەلماندووە لە پرۆسەکانی بەرگریکردن لە هاوڵاتیانی زۆربەی گەڕەکەکانی بەغدادا، هیوادارم کەناڵی عەرەبییە لەسەر ئەم بابەتە بە دواداچوونی مەیدانی بکات، لەڕاستیدا دەرهەق بەم حاڵەتە ناهەقی دەکرێت، بە پێچەوانەوە ئێستا ئەم هێزە خراوەتە چوارچێوەی دەستوور و یاساوە و هێزێکی مەشقپێکراو و ڕێکخراوە و بەشێکە لە سیستمی بەرگریی نیشتمانی لە عیراق.

– ئەی دەربارەی ڕێکخراوی بەدر کە سەربە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بەپێی یاسای هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان؟

د.بەرهەم: ڕێکخراوی بەدر وەکو ڕێکخراوێکی سەربازی هەڵوەشانەوەی خۆی ڕاگەیاندووە و چەکی داناوە، ئەوە ڕاگەیاندراوی بەدر بووە، ئەگەر ئەو ڕاگەیاندراوە جێبەجێ کرابێت ئەوە شتێکی باشە، ئەگەریش نەکرابێت و پابەندی نەبووبێت، ئەوا دەبێت بچێتەژێر باری بڕیارەکەوە.

– ژەنەراڵ پترایۆس لە وتەکەیدا لەبەردەم کۆنگرێس دانی بەوەدا نا کە لە پرۆسەکانی ئەمدواییەدا هەڵە ڕوویداوە کە دەبوو لەدژی هەموو گرووپە چەکدارەکان بوایە، لێرەوە دەمبات بۆ ئەوەی قسە لەسەر خەڵکی مەدەنی بکەم: جەنابت دەزانی گەڕەکی سەدر زیاتر لە (2) ملیۆن کەسی تێدایە و زۆربەشیان ژن و منداڵن، لە دەستپێکردنی پرۆسەکانەوە وێنە و دیمەنی منداڵانی کوژراو لە میدیا عەرەبی و خۆرئاواییەکاندا دەبینین؟

د.بەرهەم: بێگومان هیچ مرۆڤێک نییە ئەگەر زەرەیەک ویژدانی هەبێت بەبینینی ئەو دیمەنانە و ئەو قوربانییانە ئازار نەچێژێت، نامەوێ پاساو بهێنمەوە، بەڵام کێشەکە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنییە لەگەڵ ئەوانەی کە خۆیان دەخەنە پەنای خەڵکی مەدەنی و لەپشت ئەوانەوە کاردەکەن لەپێناو پەلاماردانی دەوڵەتدا، لەڕاستیدا ئەو هاوڵاتییانە تاڕادەیەک وەکو بارمتەی مرۆیی بەکاردەهێنرێن.

– بۆ کوێ بڕۆن، ئەمە شوێنی نیشتەجێبوونیانە لەو ناوچەیە، هاوەن بەسەریاندا دەکەوێت، نابێت پلانێکی باشتر دابنێین کە لانی کەم ئەم پێکدادانانە دوور لە دانیشتوان بن؟

د.بەرهەم: ئەگەر ڕێگەم پێ بدەیت، ئەوەی ئێستا لە ناوچەی سەدر ڕوودەدات کێشەی مرۆیی گەورەمان هەیە نەک کەم، ئێمە لە پەیوەندی بەردەوامداین لەگەڵ سەرکردە و کەسایەتییەکانی ئەو ناوچەیە لەپێناو هەماهەنگی کردن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، داواش دەکەین ئەو گرووپە چەکدارانە لە چەک دامالرێن کە خەڵکی مەدەنی وەکو پشتێنەی مرۆیی و بارمتە بەکاردەهێنن. هیوادارم ئێمە حکومەت و ڕەوتی سەدر و سەرکردە سیاسییەکان سەرکەوتوو بین لەمەدا. وێناکردنی حکومەت بەوەی کە لە مەدەنییەکان دەدات پێموایە ستەمێکی گەورەیە، ناڵێم هەموو پرۆسە سەربازییەکان بە وردی ئەنجام دەدرێن، بێگومان خەڵکی مەدەنی دووچاری نەهامەتی زۆر بوونەتەوە کە ئەوە نەهامەتییە بۆ ئێمەش و کێشەی ئێمەشە. پێویستە بەخێرایی کاربکەین لەپێناو چارەسەری ئەم کێشە ئەمنییەدا بۆ ئەوەی کارەکان بگەڕێنەوە سەر ڕێڕەوی خۆیان و هاوکاریی و یارمەتی خزمەتگوزاری و مرۆیی پێویستیش بگەیەنینە ئەو ناوچانەی پێویستیانە.

– لە دوایین داتادا کە جێگری سەرۆکی لیژنەی نەزاهە بۆ ڕۆژنامەیەکی ئاشکراکردووە دەڵێت ئەنجامی گەندەڵی لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا (250) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەمینداریێتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقیش ئەمەی بە چاڵێکی خراپتر لە گەندەڵی ئیداری وەسفکرد، چۆن وەڵامی ئەم داتایانە دەدەیتەوە کە جێگری سەرۆکی لیژنەی نەزاهە خستیەڕوو؟

د.بەرهەم: پێشبینی دەکەم لیژنەکە ئەم ئامارانە بە بەڵگە و دیکۆمێنتەوە بنێرن بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، ئومێدەوارم هەروەها ئەو شوێنانەمان بۆ دەستنیشان بکات کە گەندەڵییان تێدا دەکرێت تا ڕێوشوێنیان لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر. بەڵێ کێشەی گەندەڵی هەیە و من خۆم بەتایبەت سەرپەرشتی چەند کۆبوونەوەی گرنگم کرد کە بۆ دەزگاکانی چاودێری و لیژنەی نەزاهە و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداربوون بۆ قسەکردن لەسەر واقیعی گەندەڵی. گەندەڵییەکە زۆرە لەم وڵاتەدا و لەسەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دێت، لەو کێشانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە قۆناغی ئینتیقالیدا بەدەستییەوە دەناڵین، بەڵام ڕێم پێ بدە ژمارەت بدەمێ: ئەمڕۆ خەریکی کۆکردنەوەی هەندێک ئاماری پەیوەست بە فرۆشەکانی نەوتی عیراقی بووم، ژمارەکە ژمارەی کۆتایی نییە، چونکە لە ساڵی 2003 تا 2007 دەگرێتەوە، کۆی فرۆشی نەوتی عیراقی نزیکەی (115) بۆ (120) ملیار دۆلارە، واتە ئەمە کۆی ئەو فرۆشەی نەوتی عیراقە کە گەیشتووەتە سندوقی داهاتەکانی عیراق....

ئەگەر ئەمە بێت مانای وایە ڕێژەی (95%)ی تێکڕای داهاتی عیراقە، کەواتە چۆن گەندەڵی لە سەرووی (250) ملیار دۆلارەوەیە؟ دەمانەوێت بزانین. – ئەوە بەڕاشکاوی بەشێکێتی و باسکردنی ژمارەکانێتی، بەڵام دوور لەم ژمارانە و دابەشکردنیان ئەگەر باسی بودجەی عیراق لەم چەند ساڵەی دواییدا بکەین، چی بەدیهاتووە لەسەر ئاستی ئابووری و بژێوی؟

د.بەرهەم: یەکەم، بودجەی ئەمساڵ (48) ملیار دۆلارە و هی ساڵی ڕابردوویش (42) ملیار بوو، پێش ئەویش (34) ملیار بوو، ئەگەر هەمووی کۆبکەینەوە هێشتا ناگاتە ئەو ژمارەیەی باسی دەکرێت. ڕێگەم بدە هەروەها شتێک بڵێم ئەگەر ملیارێک بچێتە گەندەڵییەوە پێویستە ڕیشەکێشی بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، من نامەوێت مشتومڕ لەسەر قەبارەکە بکەم... بەشێکی ئەم کێشەیە لە مەسەلەی میلیشیاکان و گرووپە چەکدارەکان و دەستبەسەرداگرتنی بەندەر و پاڵێوگەکان و بەقاچاغ بردنی نەوت و شتی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوەش چارەسەری ڕاستەقینەی دەوێت و ئاسان نییە. هەرچی مەسەلەی پێشکەوتنی ئابوورییە بێگومان هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام پێشکەوتنێکی ڕێژەیی هەیە لە بوارە جیاجیاکاندا، ساڵی 2007 جێبەجێکردنی بودجەی وەبەرهێنان لە کۆی بودجەی وەبەرهێناندا (63%) بوو، ساڵی پێشووتریش ڕێژەکە (25%) بوو، ئەمە پێشکەوتنێکی گەورەیە، پشت بە خوا ئەمساڵیش هەنگاوی گەورەتر دەبینین و بەمزووانەش دەچینە پەرلەمان بۆ داواکردنی بودجەی زیاتر بۆ وەبەرهێنان، ئەمەش بۆ دەستپێکردنی چەند هەڵمەتێکی نیشتمانی لە دروستکردنی خوێندنگە و نەخۆشخانە و شاری وەرزشی و فراوانکردنی ڕێگاوبان و نۆژەنکردنەوەی هێڵەکانی شەمەندۆفێر، لەگەڵ

ئەوەشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە پێشکەوتن هەیە ئەگەرچی ڕێژەیی و سنووردراریش بێت، بەڵام پێشکەوتن هەیە لە بوارە گرنگەکاندا.

– لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەدا کێشەی کارەبا هەیە و خەڵک گلەیی دەکەن، پێتانوایە ئەو قەیرانە لە کەمبوونەوەدایە؟

د.بەرهەم: ئەگەر باسی کارەبا بکەین ئەوە کێشەیەکی گەورەیە و هاوڵاتی عیراقی نەهامەتییەکی زۆر دەچێژێت بەدەستییەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بە ئینساف بین هۆکاری سەرەکی ئەم حاڵە دابەشکردنی کارەبا و هێرشکردنە سەر تاوەرە کارەباییەکان و لێدانی سەرچاوەکانی وزە و بۆرییەکانی نەوتە کە سەنتەرەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا پشتی پێدەبەستن. کێشەی تێکەڵاومان هەیە لەم وڵاتە: ئاو و ئاوی خواردنەوە، (90%)ی خوێندنگەکانی عیراق ئاوی شیاو بۆ خواردنەوەیان نییە، چارەسەری ئەم کێشانەش کە دەرەنجامی زیاتر لە (20) ساڵی پشتگوێخستن و گەمارۆ و جەنگ و مامەڵەی خراپی ئیدارین، لە شەو و ڕۆژێکدا چارەسەر نابن، بە پێنج ساڵی قۆناغی ئینتیقالیی پڕ لە هەڕەشەی ئەمنییش چارەسەر نەبوون. تکام وایە وا تێنەگەی کە من دەمەوێت پاساو بۆ سستیی بهێنمەوە، بەڵێ سستیی هەیە، بەڵێ دەزگاکانی حکومەت لە هەموو حکومەتە جۆربەجۆرەکاندا نەیانتوانیوە ئەمانە بکەن ئەویش بەڕای من لەبەر یەک هۆ: ئەویش ئەوەیە کە حکومەت لەسەر بنەمای دابەشکردنی تائیفی و سیاسی دامەزراوە، ئەوەش وایکردووە حکومەت و دەزگاکانی دەوڵەت خەڵکانی کەم توانا قبوڵ بکەن، بەداخەوە ئەمەش گرفتە، بەڵام وێناکردنی ڕەوشەکە بەوەی کە تەنها لایەنی سلبی هەیە پێموایە جۆرێک لە دوورکەوتنەوە لە واقیعی تێدایە، سلبیاتی زۆر هەیە و هاوڵاتی عیراقی دەناڵێنێت، ئەم نەهامەتییانە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا هەڵدەگیرێن، واتە ویستێکی چاکەخوازی هەیە لەناو حکومەت و غەیری حکومەتدا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکاندا، بەڵام بە شەو و ڕۆژێک چارەسەر ناکرێت، بەتایبەت کە ئێمە بەدەست قەیرانی بەردەوامی سیاسی و ئەمنی و شتی ترەوە دەناڵێن.

– دوا پرسیار، سەرۆکی عیراق داوای کرد حکومەتی یەکێتی نیشتمانی سەرلە نوێ پێک بهێنرێتەوە، چەند مانگێکیشە هەنگاوی جدی بەدی نەکراوە؟

د.بەرهەم: دەرفەتێکی ڕاستەقینە لەبەردەمدایە بۆ دۆزینەوەی یەکڕیزییەکی نیشتمانی گشتگیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕەویدا، ئەوەی لە کۆبوونەوەوی ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانیدا دەرکەوت ئەو پشتیوانییەی لە حکومەتی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و گرووپە چەکدارەکان شتێکی گرنگە.ئەوەی پێویستە ئەوەیە پێکهێنانەوە و چاکسازیکردنە لە حکومەتدا بەجۆرێک کە تواناکانی بەرزبکرێتەوە و حکومەتێکی یەکگرتوو بێت و توانای هەڵسانەوەی وڵاتی هەبێت، هەروەها بتوانێت ڕووبەڕووی هەڕەشە ئەمنی و سیاسییەکان بێتەوە، هەلمان لەبەردەمدایە و دەبێت لەدەستی نەدەین، پشت بەخوا ئەم گفتوگۆیانە درێژەیان دەبێت، لە نزیکترین کاتیشدا دەتوانین ئەو کوتلانە بێنینەوە ناو حکومەت کە کشاونەتەوە و باوەڕیان بە بەرنامەیەکی سیاسی هەیە بۆ بیناکردنەوەی دەوڵەتی دامەزراوەیی و یاسا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و توندڕەوەکان.

تێبینی : لەرۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوکراوەتەوە